# تارا جاف:

# مۆزیکا زیاتر بەکەلتوری کوردیی ئاشناکردم



مۆزیکا یەکێکە لەوبوارانەی تا ئێستا ژنان کەمتر پێشڕەوییان تێداکردووەو بەشدارییان لەئاستێکی کەم یان لەژەنینی چەند ئامێرێکی دیاریکراودا بەدەرنەبووە، خاتوو تارا جەلال حەمید بەگ یەکێکە لەو مۆزیکا ژەنە کوردانەی بەژەنینی ئامێرێکی زۆر دەگمەن ناسراوە، ئەگەرچی ئامێری هارث یەکێکە لەئامێرە دەگمەنەکان بەشێوەیەکی گشتی و بەکارهێنانی لەناو مۆزیکای کوردیدا بشێوەیەکی تایبەتی، خاتوو تارا جاف بەشارەزایی و سەلیقەیەکی گەورەوە ئەم ئامێری لەناو ئاوازی کوردیدا بەکارهێناوە.

ئەم خاتوونە لەدایکبووی ساڵی (1958)ەو لەساڵی (1976)ەوە لەلەندەن دەژی، ژیانەوە لەڕێی فاکسەوە ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵ خاتوو تارادا سازدا.

★لەگەڵ ئەوەی زۆربەی ژیانت لەدەرەوەی کوردستان بەسەربردووە چۆن بەو شێوەیە نزیکیت لەگەڵ مۆزیکاو هۆنراوەی کوردیدا هەیە؟

–ڕەنگ بێت لەبەرئەوەی کە هەرگیز لەکوردستان نەژیاوم تەنها (10) ساڵ نەبێت کە ژیانم لەبەغدا بەسەربردووەو ساڵانی تریش لەچەند وڵاتێکی جیاوان)، پێویستییەکی زۆرم بەوە هەبێت کە بزانم ڕەگ‌وڕیشەم لەکوێوە هاتووە، ئەو ڕەگەی هەمیشە هەستمکردووە کە لێیبڕاوم، باوکم، کە زۆر نزیکبوو بەمن، هەمیشە دووپاتی ئەوەی دەکردەوە کە من ئاگاداری کوردی بوونی خۆم بم، لەبەرئەوەی کە مۆزیکا ژەنم شتێکی ئاسایی دەبێت کە بەکەلتووری کوردی زیاتر ئاشنابم لەڕێگەی مۆزیکاوە بەتایبەتی مۆزیکای فۆلکلۆریی.

★چۆن ئامێری (هارپ)ت هەڵبژاردو تائێستا چەند پارچە مۆزیکات ئامادەکردووە؟

–من لەبەرئەوە چەنگ (هارث)م هەڵبژارد، چونکە هەر لەمناڵیمەوە خۆشەویستی و سەرسام بوونێکم هەبوو بەرامبەر چەنگە سۆمەرییە کۆنەکان، بۆیە بەدروستم زانی کە جارێکی تر ئەم ئامێرە بگێڕمەوە ناو مۆزیکای ڕۆژهەڵاتیی، من زۆر ئامێری ژێداری ترم تاقیکردۆتەوە، بەڵام لەهەموویان زیاتر خۆشەویستیم بۆ دەنگی زوڵاڵی چەنگ هەبووە.

لەلایەکی ترەوە کاتێك ئەم ئامێرە دەژەنم هەست بەئارامییەکی زۆر دەکەم لەناخمدا، کە لەگەڵ ئامێرەکانی تردا ئەم هەستەم نەبووە.

★بۆ خۆت ئاواز دادەنێی یان تەنیا ئاوازە فولکلۆرییەکان دووبارە دەکەیتەوە؟

–من زیاتر گۆرانی فۆلکلۆری بەکاردێنم لەگەڵ چەنگەکەدا، بەڵام لەم دواییەدا دەستمکرد بەوەی ئاواز دابنێم بۆ هونراوە، بەتایبەتی هونراوەی هەورامی و هەوڵدەدەم بناغەی کارە مۆزیکییەکانم لەسەر ڕەگ‌وڕیشەی گۆرانی‌کۆنی هەورامی دابنێم، بۆ ئەوەی لەکاتێکدا کە گۆرانییەکە تازەیە بەڵام شێوازەکەی هەر لەچوارچێوە کۆن و ڕەسەنەکەیدا دەمینێتەوە، دەمەویت ئەوەش بلیم کە وامن تەنها ماوەی سالیکە دەستم داوەتە ئەم کارەو هیشتا لەسەرەتادام و زۆرم ماوە کە دەربارەی هەورامان و کەلتورەکەی شت فێربیم.

★کاریگەریی کام لەهونەرمەندە کوردەکانت لەسەرە؟

–لەڕووی ئامێر بەکارهێنانەوە، زۆر لەژێرکاریگەریی چەنگ ژەنە کەڵتییەکاندابووم، بۆ نموونە ئالان ستیڤڵ و کیم ڕۆبرتسن، هەرچەندە من ڕێبازو شێوازی خۆم بەکاردێنم بۆ ئەوەی کە لەگەڵ مۆزیکای کوردیدا بگونجێت، کە یەکەمجار دەستمکرد بەگوتنی مۆزیکای کوردی ساڵانێکی زۆر لەمەوپێش زۆر لەژێرکاریگەریی مەزهەری خالقی و نیلوفەر ئیقبال (کە گۆرانیبێژێکی زۆر بەتوانای باکوری کوردستان)دابووم، ئێستا زیاتر ئەو گۆرانیبێژانەی کارم تێدەکەن بریتین لە (عوسمان کیمنەیی و عەباسی کەمەندی) هەروەها ئەو خزم و کەسوکارانەم کە جارجار کۆدەبنەوەو گۆرانی هەورامی دەڵێن، زۆر خۆشحاڵیشم بەبیستنی مۆزیکاکانی ئاکۆ عەزیز، کە کەمانچەژەنێکی بەتوانایە لەڕووی تێکەڵاوکردنی مۆزیکای کلاسیك یان تێهەڵکێشکردنی ئەو مۆزیکایە بەمۆزیکای کوردی، زۆر ڕیتمی کوردییش لەبرایانی زەهاوی فێربووم.

★مەولەوی لای تۆ چیدەگەیەنێت؟

–باوکم، کە ساڵی پار کۆچی دوایی کرد، مەولەوی بەمن ناساند، زۆرجار شیعرەکانی ئەوی بۆ دەخوێندمەوەو مانای وشەکانی بۆ لێکدەدامەوە، ئەمە ئەوکاتانەبوون کە هەستم بەنزیکییەکی زیاتر دەکرد لەباوکمەوە، ئێستا کە شیعرەکانی مەولەوی دەخوێندمەوە یان گوێم لێدەبێت یان بەگۆرانی دەیلێم، دەنگی باوکم دێتەوە بەرگوێ هەروەکو ئەوەی لەتەنیشتمەوە دانیشتبێت و بۆم لێکبداتەوە، ئەوە باوکم بوو کە هانیدام شیعرەکانی مەولەوی بکەمە گۆرانی و کاتێکی زۆری بەسەردەبرد لەهەڵبژاردنی شیعرێکی گونجاو بۆ ئەو ئاوازەی کە ڕێکم دەخست.

★ئاستی بەشداریی مۆزیکیت گەیشتۆتە کوێ؟ خۆت بۆ خۆت کاردەکەیت یان پەیوەندیت کردوە بەگروپی مۆزیکییەوە لە لەندەن؟

–هەمووی لەساڵی پارەوە بەتەواوی خۆم تەرخانکردووە بۆ کاری مۆزیکا، من هەتا ئێستا لەهەوڵ و تاقیکردنەوەو خۆپێش خستندام لەلایەنی مۆزیکا ژەنین و گۆرانی وتنداو لەم بوارەدا ڕێگەیەکی درێژم لەبەردایە، زۆربەی کات بەرهەمەکانم سۆلۆن (واتە بەتەنیا) یان هەندێکجار لەگەڵ یەك مۆزیکاژەنی تردا، من بەباشتری دەزانم کە مۆزیکاژەنەکەی تر ئامێرێکی ڕەسەنی کوردی بژەنێت، چونکە ئەمە ئەو ڕێگەیەیە کە چەنگ بەمۆزیکای کوردی ئاشنا بکرێت، هەروەها بەهاوکاریکردنی ژەنین لەگەڵ ئامێرەکانی تردا جۆرێك لەدایەلۆگ دروستدەکات لەنێوان چەنگ و ئامێرە ڕەسەنە کوردییەکاندا.

★تاچەند نزیکیت لەکێشەی ژنانەوەو چەند لە هونەرەکەتدا ژن بوونت ڕەنگیداوەتەوە؟

–کێشەی ژنان یارمەتیدام کە زیاتر ئاگاداربم لەهێزو توانای خۆم وەکو ژنێك، هەروەها ئەمە یارمەتیدام کە ڕێگەیەك یان چەند ڕێگەیەك بدۆزمەوەو لەو ڕێگانەوە ژنانی تر هانبدەم کە باوەڕیان بەتوانای خۆیان هەبێت. هەروەها لەبەرئەوەی کە خۆم مەشقی تیمارکردنی دەروونم کردووە، باوەڕم بەوەیە کە لایەنە نێگەتیڤەکان (سلبییەکان) لەناو بیروباوەڕی خۆماندا بگۆڕین پێش ئەوەی هەوڵبدەین خەڵکانی تر بگۆڕین، ئێمە هەمووومان، نەك هەر تەنها ژنان، پێویستمان بەوە هەیە کە هێزوتوانا ناوەکییەکانی خۆمان بدۆزینەوە لەگەڵ باوەڕبەخۆبووندا تاکو ڕووبەڕووی نائەمنیەت و لووت بەرزی پێ ببینەوە، چونکە ئەم هۆکارانەن کە دەبنە پەیداکردنی توندوتیژیی، لەم ڕێگەیەوە دەتوانین کە وابەهرە بدەینە ئەو خەڵکانەی کە دەمانەوێت هانییانبدەین لایەنە نێگەتیڤەکانی خۆیان بگۆڕن و ڕووبەڕووی بیروباوەڕی سەرکوتکردنی کۆن ببنەوە، من پێ لەسەر لایەنە نێگەتیڤەکان دادەگرم، چونکە دەزانم زۆر بەهای کۆنی پۆزەتیڤ هەیە کە نابێت لەیادی بکەین، لەبواری مۆزیکادا دەبوایە من خەباتی ئەوە بکەم کە وەك مۆزیکاژەنێك خۆم بسەپێنم لەبوارێکدا کە پیاو باڵادەستە و لەلایەکی ترەوە خۆم وەك مۆزیکاژەنێکی ڕاستەقینە کە ستایلی تایبەتی خۆی هەبێت لەژەنیندا کە زۆر بەجددی دەگیرێت لەلایەن مۆزیکاژەنە پیاوەکانەوە، من زۆرجار لەلایەن مۆزیکاژەنە پیاوەکانەوە پێموتراوە کە چۆن و چیبکەم لەبواری ژەنیندا، هەروەك بڵێی من لەبەرئەوەی ژنم دەبێت فێربکرێم: ئەمە زۆر کاری دەکردە سەر باوەڕبەخۆبوونم، بەڵام ئێستا نەخێر، چونکە دەزانم لەبواری مۆزیکادا بۆ کوێ دەچم.

★بەشداریبوونی ژنی مۆزیکی چەند جیاوازیی هەیە لەگەڵ مۆزیکییەکی پیاوداو ئەو جیاوازییانە چین؟

–مۆزیکاژەن هەر مۆزیکاژەنەو پەیوەندیی بەجێندەرەوە نییە، هەرچۆنێك بێت هەروەك لەپێشەوە باسمکرد جیهانی مۆزیکا بەتایبەتی مۆزیکای کوردی پیاو باڵادەست بووە تیایدا، لەڕابوردودا زۆر سەخت بووە بۆ ژنێك کە مۆزیکا فێربێت، لەبەرئەوەی کەلتوور ڕێگەی پێنەداون کە وابکەن، لەکاتێکدا پیاوان کە چ فێری مۆزیکاژەنین بن یان گۆرانی وتن هەمیشە مۆدیلێك یان پێشەنگێکیان هەبووە کە لێوەی فێربن، ژنان لەبواری ئەم پێشکەوتنەدا تازە دەستیان پێکردووە، زۆرکەم پێشەنگ یان مۆدیلێکیان هەیە کە لێوەی فێربن، هەرچۆنێك بێت، ئەگەر تێبینی بکەیت، ژمارەی گۆرانیبێژەکان لەزیادبووندایە، هەرچەندە پێشەنگەکان زۆرکەمن، ئەمە دیاردەیەکی زۆرباشە، من هەروەها تێبینی ئەوەشم کردووە کە وا زۆرلەو گۆرانیبێژە ژنانە شێوازی تایبەت بەخۆیان داهێناوە کە ئەمە ئەبێتە هۆی ئەوەی ببنە پێشەنگ بۆ نەوەکانی دوای خۆیان، بەدبەختانە لەبواری ئامێرەژەنیندا هێشتا لەدواوەن، من زۆرم پێخۆشە کە زیاتر ژنی مۆزیکاژەن ببینم و لەوەش دڵنیام کە لەداهاتوودا ژمارەیەکی زۆریان لێدەبینین.

★دایکایەتی چی زیاد دەکات بۆ هونەرمەند؟ یان چی لێکەمدەکاتەوە؟

–خۆشەویستیم بۆ کوڕەکەم، کە تەمەنی 12 ساڵە زیاتر هانمدەدات کە مۆزیکا بژەنم، لەڕاستیدا هەموو شەوێك داوام لێدەکات مۆزیکای بۆ لێبدەم تاکو خەوی لێبکەوێت، هەرچۆنێك بێت کاتێك کە ساوابوو لەبەرئەو وازم لەمۆزیکا هێنا، هەرچەندە ئەمە بەتەواوی ڕاست نییە، چونکە لەکاتێکدا کە ڕامدەژەندو لایلایەم بۆ دەکرد لەمێشکمدا مۆزیکام دادەنا، من واهەستدەکەم کە هەموو دایکێك مۆزیکی بێت، لەوانەبێت هەرئەوە سەرەتای مۆزیکابێت، لەدایکانەوە بۆ منداڵەکانیان تاوەکو خەویان لێبکەوێت، مناڵ دروستکردن نییە کە ڕێگە لەمۆزیکا دەگرێت بەڵکو سەختی و گیروگرفتی خێزانە، کاتێك کوڕەکەم چووە قوتابخانە وردەوردە دەستمکردەوە بەوەی کە بچمەوە ناوجیهانی مۆزیکا، هەر بەبینینی ئەو کە گەورە دەبێت و فێردەبێت و داهێنان دەکات یارمەتی منیشی‌دا کە بگەڕێمەوە سەر داهێنان و پێشکەوتن. دەمەوێت ئەوەش بڵێم کە وا لەبەرئەوەی مناڵەکەم کوڕە ئەمە زیاتر یارمەتیدام کە لەگیروگرفتی پیاوان تێبگەم، چونکە لەکاتێکدا ژنان پێویستیان بەوە هەیە کە هێزوتوانای خۆیان بنیات بنێنەوە دژ بەسەرکوتکردن، پێویستە بەهەوڵەکانی پیاوان بزانن بۆ خۆگۆڕین و پێشکەوتن لەکاتێکدا دیاردە سەرکوتکەرەکانی ناو کەلتوور دەسڕنەوەو ویستێکی ڕاستەقینە پیشاندەدەن بۆ گۆڕان.



★تاچەند ئەو ژنە کوردانەی کە لەدەرەوەی وڵاتن توانیویانە ژنی کوردو کێشەکانی بەجیهان بناسێنن؟

–ژنانی کورد لەئەوروپا هێندەی پیاوان چالاکبوون لەبارەی بڵاوکردنەوەی کێشەی کوردو ناساندنی بەجیهانی دەرەوە، بەڵام بەداخەوە بەشداریکردنەکانیان پێینەزانراوە، دوای دامەزراندنی چەندین ڕێکخراوی ژنانی کورد توانراوە ئەو گیروگرفتانەی کە ڕووبەڕووی ژنانی کورد دەبێتەوە لەکۆمەڵگەیەکی تەقلیدیدا، لەڕێگەی چالاکیی و کۆنفرانس و لێدوانەوە، هەرچەندە من ئەندامێکی چالاکی ئەم ڕێکخراوانە نیم و زۆربەی کاتەکانم بەمۆزیکاژەنینەوە بەسەردەبەم، بەڵام بەمۆزیکا بەشداریدەکەم، ناتوانم بەڕوونی بڵێم کە تاکوێ سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە، بەڵام دەتوانم بڵێم کە ڕێیەکی درێژییان لەبەرە هەروەکو چۆن لەکوردستان ئەو ڕێگەیە زۆر درێژە.

★وەك دەزانین بەڕێزت لەیەکێك لەیادەکانی ئەنفالدا بەشداربوویت، بەڕای تۆ تاچەند توانراوە ئەو کارەساتە زۆر نامرۆڤانەیە بەدنیا بناسێنرێت؟

–بەداخەوە ویستی ڕۆژئاوا لەجینۆسایدەکانی ئەنفال و هەڵەبجەدا زۆر بەستراوە بەویستە سیاسییەکانی ڕۆژئاوا لەناوچەکەدا، لەکاتێکدا کە لەقازانجی ئەوان بێت باسی بکەن ئەوا باسیدەکەن، ئەگەر ئەم مەسەلەیە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیاندا نەگونجا ئەوا بەتەواوی پشتگوێی دەخەن، هەرچەندە کوردەکانی دەرەوە ساڵانە هەوڵدەدەن کە سەرنج و بیری خەڵکیی هەندەران بەلای ئەم مەسەلەیەدا رابکێشن ئەویش لەڕێگەی گوتارو خۆپیشاندان و کۆبوونەوەو دروستکردنی لۆبی پەرلەمانیی، تەنانەت لەڕێگەی کاری هونەرییەوە، بەڵام هێشتا ئەمە بەس نییە، هەرچەندە لەم کاتەدا سەرنجی دونیا جارێکی تر چاوی خستۆتەوە سەر عێراق و میدیای ڕۆژئاوا دەشێت بەکاربهێنرێت بۆ باسکردن لەهەڵەبجەو ئەنفال تاکو کارێك بکرێت و ئەم ڕووداوانە لەیادنەکرێن و مرۆڤایەتی تووشی کارەساتی وانەکرێتەوە، من هەمیشە ڕۆڵی خۆم بەگرنگ دەزانم و پێموایە مۆزیکا و هونەر ئامێرێکی سەرکەوتووی گفتوگۆکردنن لەگەڵ جیهاندا تا لەڕێگەیەوە ئاشنایان بکەین بەکێشەو کەلتووری کوردی، بەشداریکردنم لەیادکردنەوەی کارەساتەکانی هەڵەبجەو ئەنفالدا بۆ من زۆر گرنگە وەکو مۆزیکارێك و ئەوە بەئەرکێکی سەرشانی خۆم دەزانم کە وەکو کوردێك و وەکو کەسێك کە ڕیشەکانی لەهەڵەبجە بێت.